ساتێك لەمێژووی کورد. . . . . دکتۆر مەحمود دەروێش نادر

ئاڵا پێناسەی هەر نەتەوەیەکە کە لەسەرخاکی خۆی لەسنورێکی دیاری کراودا ئەژی، ئەوەش وەکو هەموو ئەو وڵاتانەی کەلەسەر ئەم زەمینەدەژین و ئێمەی کوردیش نەتەوەیەکین لەو نەتەوانە کەهەزارەها سالە لەسەرئەو خاکە، زمانو کولتورو سنوری خۆمان بەخوێنی گەشی لاوەکانمان پاراستووە، بەڵام بەداخەوە دوژمنانی نەتەوەکەمان هەر دەمە بەبیانویەك نەیان هێشتووە ئاڵامان بڵندبێت، تا بەرێك لەمەو بەر.
لەساڵانی هەفتاکاند ئێمە، قوتابیانی کورد لەئەوروپا رێکخراوێکمان هەبوو بەناوی، کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا. پێناسەی تایبەتمان هەبوو کەبەزمانی کوردی بەپیتی لاتینی نوسرابوو، بەهەر چوار دەوریا ئاڵای کوردستان تۆمار کرابوو. زۆر جار پیشانی هەواڵەبێگا نەکانمم دەداو دەمگوت ئەم چوار رەنگە، ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستانە، زۆریان سەیریان دەکردمو دەیان گوت، زۆر جوانەبەڵام هێندێکی کەیان دەیانگوت جوانەبەڵام کوانێ ئاڵاتان، کوانێ وڵاتی کوردستان ؟ لەلای خۆم زۆر دڵگیرو نیگەران ئەبووم، لەلایەکی کەوەئەمگوت ئەمەمافی خۆیەتی وا بڵێت چونکە ئەو ئاڵایانە دەبینێ کەدوژمنانی میللەتەکەمان هەر یەکەیان لەلای خۆیەوەڕووی ئێمەی پێ پۆ شیوە!. . بەهەر حاڵ سەبوری خۆم بەوەدەدایەوەو دەمگوت، هیچ نەبیت ئێمەشۆرشێکمان هەیە، لەزۆرلای کوردستان بووینەتەچقڵی چاوی دوژمنان، هەتا پێش مەرگەو شۆرش بمێنێ ئا واتی ئێمەهەر دەمێنێ، رۆژێك دێت چەرخ وەر گەرێتو رۆژی کورد هەڵبێت و ئاڵای کوردستان بەرز بشەکێتەوە.
ساڵان هاتو ساڵان ڕۆشت، هەر وەکو کارێکی چاوەڕێ نەکراو ساڵی 1982 بووم بەپەنا هەندەلەسوید، لەستۆکهۆڵم ئەژیام لەوێ پاش ماوەیەك زانیم کەبازارێکی گەورەی شەعبی هەیە لەوێ هەموو شتێکی خۆمالی دەفرۆشرێت، منیش وەکو زوربەی بیگا نەکا نی ئەوێ ئەچووم لەوێ شتوو مەکێ پێویستم دەکڕی دوکاندارەکان زوربەی زۆریان بێگانەبوون لەوانەش کابرایەکی یۆنانی بوو کەبەبەرزی بەپێشی دوکانەکەیدا ئاڵایەکی کوردستانی هەڵواسیبو ئەمەش وای لێکردبو کەزوربەی کوردەکانی ستۆکهۆڵم لەلای ئەو کەلوپەل بکڕن. کاتێ ئەو ئاڵایەم دەبینی فێنکیو سەبوری بەد ڵمدا دەهات، لەهەمان کاتیشدا وێرانی کوردستانو دەربەدەریو جینۆسایدی نەتەوەکەمانم بیردەکەوتەوەدەمگوت هەتا کەی ئێمەماف خوراوبین؟ ئەوەتا، کەسێکی بێگانە ئاڵای ئێمەبەرز دەکاتەوەبۆ بەر ژەوەندی گشتی خۆی، ئەی کوردینە ئێوەلەکوێن؟ . . ئاخ کەی بێت ئێمەخۆمان ئاڵای کوردستان بەئازادی لەسەر خاکی کوردستان بەرز هەڵکەین؟. . ئەم پرسیارەبوو بوەخولیای سەرم، زۆرجار چەندەسەرنجم دەدا وەڵامی ئەو پرسیارەم نەئەدۆزیەوە بەڵام زۆر جاریش ئەم ووت، ئا. . ئەو ئا واتەم دێتەدی، کورد نەمردووە، هەر چەندە ئەمڕۆ شۆرشی ئێمەشکستی هێناوەبەڵام کورد هەر زیندووە، هیوای کورد نەمردووە. هەتا پێش مەرگەیەك بەشاخەکا نەوەبێت هیوامان هەر زیندوو دەبێت.
ڵەبەهاری ساڵی 1991 دا هەموو پێشمەرگە نەبەزەکانی کوردستان شان بە شانی گشت جەماوەری ستەم دیدەی شاروو شارۆچکەکانی کوردستان بەرووی زوڵمو فاشیستیدا هەڵچونو سەرانسەر کور دستانیان ئازاد کرد، مللەت ئازادانەپەرلەمانی خۆی هەڵبژارد، حکومەتی کوردستان دامەزرا دەر گای سەر بەستیو دیموکراسیەت بۆ میللەت واڵا کرا، بەڵام بەبێ ئاڵا، ئەویش کەپێناس نامەی نەتەوەی کوردە. بەراستی هەموو ئەما نەوەکو جەستەیەکی بێ گیان بێناو دەها تەپێش چاوم، دەمگوت ئەم جەستەجوانە ئەم ئاواتە مەزنە پێویستە گیانی بکرێت بەبەردا، ئەویش ئەبێت کرداری رۆڵەیەکی کورد بێت!
پاش نیوەڕۆیەك لەبەهاری ساڵی 1997 دا بەرێز سەرۆك مەسعود بارزانی میوانداریيەکی گەورەی کردین لەپیرمام لەوێدا ئەندامانی پەر لەمان، هەموو کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمکراتی کوردستان و لقەکانی، ئەنخومەنی زانکۆی سەلاحەدین و زۆر کەسایەتی کە ئامادە بوون. لەوێدا سەرۆك بارزانی وتەیەکی مێژووی ئا راستەی ئا ما دەبووان کرد، تیایدا بەڕاشکاوی وتی: ئێمەئەمڕۆ ئازادین پەرلەمانو حکومەت خۆمانمان هەیە، هیچ تاوان نیەئەگەر ئاڵای خۆمان بەرز بکەینەوە، بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستان ئەوەنا گەێنێت کە ئێمە خۆمان لەعراق جیا بکەینەوە، بەڵکو سوربوونمانەلەسەر دامە زراندنی حکوم تێکی فیدرالی دیموکراتی، فرەنەتەوەی، فرەحزبی لەچوارچێوەی عراقدا. هەموو مللەتو نەتەوەیەك لەسە ئەم زەمین ئاڵای خۆی هەیە، تەنا نەت لەزۆر وڵاتانی جهانا هەر شارە ئاڵای خۆی هەیە، ئێستاکەبۆچی تاوانە ئەگەر ئێمەئاڵای خۆمان بەرز بکەینەوە؟
لەراستیدا ئەو وتە مێژوویەی سەرۆك بارزانی زۆر بەتوندی ڕای چەڵەکاندم وتم راستە کاتی ئەوە ها تووە ئاڵای کوردسان بڵند کرێتەوە و پێناسەی خۆمان بۆ دۆستو دوژمن ئاشکراکەین. بریارمدا خۆم بەو کارەهەڵسم ئەو خەوەی خۆم و دڵسۆزانی نەتەوەکەمان بهێنمەدی. رۆژی دوای چوومەوە کۆلێجی دەرمانسازی کە ئەوکاتە راگری کۆلێخەکە بووم. کەمامۆسا سەردار یاریدەدەری راگر و سەلیمەخان ژمێریاری کۆلێج بوون، پێم ڕاگەیاندن کە نیازی بڵند کردنەوەی ئاڵای کوردستانم هەیەلەبەر دەم دەرگای دەرەوەی کۆلێجەکەدا چیش دەبێت با ببێت! بیرۆکەکەیان زۆر بەلاوەپەسەند بوو. ئەوان چوون بۆ ئامادەکردنی کەلو پەلی پێویست، منیش چووم بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ لای بەرێز دکتۆر رۆژ نوری شاوەیس کەئەو کاتەسەرۆکی حکومەتی کوردستان بوو، بۆ ئەوەی پێی ڕاگەێنم کەنیازی کارێکی وام هەیە، ئەو ڕۆژەسەرقاڵ نەبوو لەگەڵ کاك جەلال خۆشناودا راستەو خۆ چوینەلای، پێم ڕاگەیاند کەنیازی کارێکی واپیرۆزم هەیەنەختێ تێی ڕوانیمو زەردەخەنەیەك گرتیو، ووتی ئینخا کوا ئەوەت بکردایە، وتم ئەیکەم، بەیانی وەڵامت لێ دەگێڕمەوە. کەگەرامەوەکۆلێج دوو ئاڵاو سارییەکی ئاڵا هەڵواسینیان ئامادەکردبوو

بەڵام لەبەر سركی قوماشەكەنەمان توانی ڕۆژەپرشنگدارەكەی نێوان ئاڵاكەدرووست بكەین، لەبەر ئەوەنەخشەی ڕۆژەكەم لەسەر كارتۆنێك كێشاو پاشان بەسپرەی زەرد لەسەر ئاڵاكان تۆمارم كرد. لەو لا شەوەكاك دەشتی هەركی كەلێپرسراوی پاسەوانەكان بوو، لەبەر دەرگای دەرەوەی كۆلێجەكەسارییەكەی دامەزراند. ڕۆژی دوای بەئامادەیی هەموو مامۆستایانو فەرمانبەرانو قوتابیانو پاسەوانانی كۆلێجەكە، لەرێوو رەسمێكی شكۆ داردا بەدەم سروودی ئەی رەقیبەوەئاڵای پیرۆزی كوردستانم بڵند كردەوە، لەو لاشەوەمامۆستای دڵسۆز دكتۆر كاوەدزەی بەكامێرەی ڤیدیۆ زۆر دڵسۆزانەئەو رووداوەمێژووییەی تۆمار كردو پاشان كاسێتەكەی پێداین، منیش هەر هەمان ڕۆژ یەكێك لەئاڵاكانو كاسێتەكەو نامەیەكم لەگەڵخۆمدا بردوو چووم بۆ ئەنجومەنی وەزیران بۆ لای بەرێز دكتۆر ڕۆژ، بەڵام لەبەر كۆبونەوەی ئەنجو مەنی وەزیران نەم تووانی بەرێز دكتۆر ڕۆژ ببینم، شتەكانم لەمەجلس بۆ بەجێ هێشت. لەنامەكەدا نوسیبوم : كاكەدكتۆر ئاڵای كوردستانمان هەڵكرد، ئاواتی هەموو كوردێكی نەبەزیوو دڵسۆزم هێنایەدی، ئەركی سەرشانی خۆمم جێ بەخێ كرد، ئەمەش جێگەی فەخروو شانازییەبۆ من. تەنها خۆم بەر پرسیارم لەم كارە، ئەگەرلەم كاتەدا ئەمەهەڵەش بێت ئەوا تە نها هەرخۆم بەر پرسیارمو ئامادەم بۆ هەموو لێپرسینەوەیەك. ئەمەش كاسێتێكەئەو ڕێو رەسمەی لەسەر تۆماركراوە، ئەوئاڵایەش بۆ جەنابتەئومێدەوارم لەتەنشت خۆتەوەبلندی كەیتەوە. ئەو ئاڵایەیەكەم ئاڵا بوو كەبەئاشكرا لەبەر دەم دەزگایەكی حكومیدا بلند بكرێتەوە. پاشان كۆلێژی دەرمان سازی گواسترایەوەبۆ باڵەخانەنوێ كەی لەگەڵ ئاڵاكەدا كەتاوەكو ئێسا لەسەر ئەو بالەخانەیەدەشەكێتەوە.

لەكۆتایدا حەزئەكەم بڵێم، مەبەستم لەنوسینی ئەم رووداوەمێژووییەخۆ دەرخستنو باسی خۆ نییە، بەڵكو تۆماركردنوو خستنەرووی ساتێكە، لەمێژووی بەرینو فراوانی نەتەوەكەمان، كەئەویش بەرای من ئەڵقەیەكی نەپچڕاوی زنجیرەی مێژووی نەتەوەیمانە. تۆمار كردنی ئەو رووداوەمێژوویەلەراستیدا كاری من نەبوو بەڵكو ئەركی سەر شانی ئەو كەسانەبوو كەنووسینەوەی مێژوویان كردۆتەپیشەی خۆیان! لێرەدا جێگەی خۆیەتی بپرسم، ئایەئەم ساتەمێژوویەشایستەی ئەوەنەبوو بكرێتەمانشێتێ رۆژنامەكانوو بەرگی ئەومێژووەی كەدەی نوسنەوە؟ . ئایەئەو ڕۆژەی كەئەو ئاڵا پیرۆزەی تیادا هەڵكرا شایستەی ئەوەنییەبكرێتەڕۆژێكی مێژوویيو هەموو نەتەوەی كورد ساڵانەیادی بكەنەوە؟

دكتۆر مەحمود دەروێش نادر
هۆڵندە - ئەلمیرە
20-10-2003